# چاوپێکەوتنی سایتی کوردستان بۆ هەواڵ لەگەڵ ئاسۆ کمال - ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیا بۆسەر کوردستان

## سازدانی ئاسۆ عەلی فەرەج و سەعد عەلی عەسکەری

Asokamal@yahoo.com



**K4N - گەر لە روانگەی بـەردەوامبوونی فـشار و لێدوانـە جـۆراو جۆرەکـانی بەرپرسانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بڕوانی جەنابتان چـۆن دەڕواننـە ئەو فشارانە لـە ڕووی سیاسـیەوە و چ کاردانەوەیـەکی سیاسـی دەبێـت لەسـەر هەرێمی کوردستان؟**

**وەڵام:** ئەم لێدوانە هەڕەشەئامێزانەی تورکیا بەرامبەر بە کوردستان بەدوای راپۆرتی بەیکەر–هاملتون و مەسەلەی شکستی ستراتیژی ئەمریکا لە عێراقدا بەم شێوەیەی ئێستای هاتۆتە ئاراوە. راپۆرتی بەیکەر— هاملتون زەنگیکی خەتەر بوو کە سیاسەتی ئەمریکای بەرامبەر بەتورکیا بە ئاراستەی رازی بوون بەم داوایانەی تورکیا نەخشەی بۆ ئەمریکا داناوە. حکومەتی شۆڤینستی تورکیا خۆی لە بۆسەدا داناوە تاکو کەلك لە شکستی ئەمریکا ببینێ لەعێراقدا و بۆیە ماوەیەکە کەوتۆتە پشتیوانی کردنی هێزە سونەکانی عێراق و خۆئامادەکردن بۆ دەستیوەردان لە وەزعیەتی عێراق. ستراتیژی تورکیا بریتیە لە پەیداکردنی شوێن پێیەك لە عێراقدا تاکو بتوانێ دەوری لەناوچەکەدا بکاتە وەسیلەیەکی فشار لەسەر لایەنە نیودەولەتیەکان و گێڕانەوەی دەورانی سەروەری سوپای تورکیا و جیگاوشوێنی لای ناتۆ وەك لەکاتی دەورانی جەنگی ساردا بەهرەمەند بوو لێی.

داوا لەسەر دەورپیدانی تورکیا لە دیاریکردنی چارەنوسی کەرکوکدا و نەهێشتنی پەکەکە و گۆڕینی دەستور و بەهێزکردنەوەی حکومەتی مەرکەزی عێراق، ئەو دەستدرێژیە سیاسیانەی تورکیایە کە لەپیناویدا شمشیری لەشکرکێشی سوپای تورکیای بۆ بەرزکراوەتەوە. ئەم هەڕەشانە رۆژبەرۆژ بارودۆخی کوردستان بەرەو ئالۆزی زیاتر دەبات و بەتایبەت ئەگەر ئەمریکا رێگا بە لەشکرکێشی تورکیا بدات بەبیانوی لێدان لە هێزەکانی پەکەکە.تورکیا لەساڵی 1991تا 2003 خەریکی دانانی پشتێنەی ئەمنی بوو و لەکوردستاندا هێز و بنکەی دانابوو بەڵام نەخشەی ئیستای لەمەش تێپەڕدەکات و دەیەوێت کوردستان بخاتە ژێر رکێفی عەسکەری خۆیەوە و دەست لەچارەنوسی کوردستان وەربدات و بیکاتە شوێن پێی دەخالەتی لە عێراقدا بەتایبەت لەکاتی تیکچوونی شیرازەی وەزعیەتی ئیستا و پەرەگرتنی شەڕی چەند لایەنەی تایفی و قەومی لە عیراقدا. هەروەك ئەردۆغان دەڵێ نایانەوێ کەرکوکیان وەك قەرەباغ لەدەست بچێ و بەم شێوەیە خۆیان بە خاوەنی کەرکوك و موسڵ دەزانن و مەبەستی لەشکرکێشی تورکیا ئەگەر بەبیانوی پەکەکە دەست

پێبکات بەڵام ئامانجی کۆتاییان کەرکوك و دەستێوەردان لە عیراق و کوردستاندایە و بونە بەیەکێك لە هێزە ئیقلیمیە باڵادەستەکان.

**K4N – عەبدوڵڵا گوڵ و یەشار بیوك سوپا سالاری تورکیا سەردانی ئەمریکا دەکەن بۆ مەسەلەی پەکەکە و کەرکووك و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا، پێت وایە ئەمریکا بە کام هاوکێشە مامەڵە دەکات، بە شێوازێکی دیکە و بە فۆرمێکی دیکە هاو پە یمانیەتی لەگەڵ تورکیا دەکاتە پێوەر بۆ قسەکردن لەمەڕ ئەو بابەتانە؟ یان پابەنددەبێت بەو بڕگە دەستوریەی ماددەی 140 و هەڵوێستی سیاسی کورد بەرامبەر بە پەکەکە واتە بە کام هاوکێشە مامەڵە دەکات؟**

**وەڵام:** ئەمریکا لەوەزعیەتیکدا نیە لە ئێستادا کە مەرجەکانی خۆی بەسەر تورکیادا بسەپێنێ و بگرە هەڕەشەی دەستدرێژی تورکیا بۆ سەر کوردستان کراوەتە فشارێك بەسەر ئەمریکاوە کە حکومەتی تورکیا لەڕێگەیەوە دەیەوێت بەدەستی ئەمریکا خواستەکانی جێبەجێبکرێ. دەورپیدانی تورکیا لە دیاریکردنی چارەنوسی کەرکوکدا و نەهێشتنی پەکەکە و گۆڕینی دەستور و بەهێزکردنەوەی حکومەتی مەرکەزی عێراق، ئەو داوایانەی تورکیایە کە لەپیناویدا کارتی فشاری کۆمەك و پشتیوانی کردنی سونەکانی بەدەستەوە گرتوە. ئەمریکا لەبەرامبەر ئەم داویانەی تورکیادا درەنگ یان زوو نەرمی دەنوێنێ و تورکیا دەکەویتە دەست دریژی کردنە سەر کوردستان . ئەمە ئاکامی شکستی ئەمریکایە لە عێراقدا کە هەردوو حزبی دیموکرات و کۆماریخوازی ئەمریکا دەیانەوێ باج و ئیمتیاز بدەن بە تورکیا و وولاتانی عەرەبی و تەنانەت ئیرانیش تاکو باری شکستی ئەمریکی سووك بکەن. ستراتیژی نوێی ئەمریکا ڕووی لە ئاوڕدانەوە لەداواکانی تورکیایە و ناردنی نوینەری تایبەتی بوش بۆ لای حکومەتی هەرێم و داوای پیچانەوەی پەکەکە نیشانەی دەستپیکردنی ئەو ڕەوتەیە بەقازانجی تورکیا بەڵام لە ئیستادا بەشێوەیەك دەچێتە پێش کە وەزعی عیراق بۆ ئەمریکا ئاڵۆزتر نەکات. مادەی 140ی دەستور و هەڵویستی یەکێتی وپارتی بەرامبەر بە پەکەکە لای ئەمریکا خاڵی دەست پیکردن نیە و قابیلی بەراوردکردن نیە لەگەڵ هاوپەیمانیتی و خزمەتێك کە ئیستا تورکیا دەتوانێت بیکات بۆ ئەمریکا تاکو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و عەسکەریەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا بپارێزێت.

**K4N – وەڵامدانەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەرامبەر فشارەکانی تورکیا، وەڵامدانەوەیەکی دبلۆماسیانە و نەرمانیە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان، تا چەند تورکیا حیساب بۆ ئەو وڵامدانەوانە دەکات؟**

**وەڵام:** یەکێتی وپارتی بەپشت بەستن بەوەی ئەمریکا ڕیگا بەدەستدریژی تورکیا نادات هەموو ئومید و وەڵامێکیان ئاراستەکردوە. لەکاتیکدا لەواقیعدا ئەم ئومێدە ناواقعیە و درەنگ یا زوو ئەمریکا لەژێرفشاری شکستەکانی لە عێراقدا هەمان مامەڵە لەگەڵ تورکیادا دەکات و دەستی ئاواڵادەکات کە پێش ڕووخانی بەعس ڕێگای لەشکرکێشی بەسوپای تورکیادەدا.ئەم هەلویستی نەرم و دیبلۆماسیانە لەگەڵ تورکیا ناتوانێ بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان بپارێزێ و خەتەری دەستدرێژی تورکیا چارەنوس و مافەکانیان

پێشیل دەکا . بەپێچەوانەوە ئەم هەڵوێستانە تورکیا سووردەکات لەسەر سەپاندنی خواستەکانی و لەشکرکێشی . وەڵامدانەوەی تەسریحاتی تورکیا بە تەسریحاتی حکومەتی هەرێم هیچ بەهیچ ناکات و پیویستە فشاری سیاسی بۆ تورکیا بهێنرێ لە رێگای ئەورووپا و نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، هاوکات لە کوردستان رفراندۆم بکرێت بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی و لەگەڵیشیدا لە کەرکوکیش رفراندۆم بکرێ بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ئەو شارە لەلایەن خەلکەکەیەوە کە بچێتە سەر دەولەتی سەربەخۆی کوردستان یاخود لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟.ئەمانە رێگای وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی تورکیایە نەك دڵ ڕاگرتنی تورکیا و گوێگرتن بۆ داوا ناڕەواکانی.

**K4N – لە لێدوانێکی بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ناوی مارت بڕایس داهاتووە کە ئەمریکا داوای لەسەرکردایەتی کورد " باشوری کوردستان" کردووە کە شەڕی پەکەکە بکەن، بەڵام پارتی و یەکێتی رەتیان کردۆتەوە شەڕی پەکەکە بکەن، بە تێڕوانینی بەرێزتان پارتی و یەکێتی دەتوانن شەڕی پەکەکە بکەن لەم کاتەدا، ئەگەر نەیکەن ئەمریکا بە چ فشارێك دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکات؟**

**وەڵام:** یەکێتی وپارتی لەم کاتەدا نایانەوێت شەڕی پەکەکە بکەن چونکە بەرژەوەندیان لەمەدانیەیە بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیەیە کە هیچ کات ئەم شەڕە ناکەن . لە 1992 ئەم شەڕەیان کرد چونکە پیویستیان بەتورکیا بوو و ئیستاش ئەگەر ئەمریکا فشاریان بۆ بهێنێ و ڕێگەبە تورکیا بدات کە لەشکرکێشی بکات ئەوا یەکێتی وپارتیش کارێك ناکەن و هەروەك چۆن بارەگای ئیران لە هەولێر پیچرایەوە ئاواش ئەم کارە ئەمریکا وتورکیا دەیکەن و پیویستی بە ئیجازەی یەکێتی وپارتی نیەیە. بودجە و سنوری دەسەلاتی یەکێتی وپارتی بەدەست ئەمریکایە و ئەمانە کارتی فشارن بەدەستیەوە کە ئاسان دەتوانێت بەکاریان بهێنێ بەرامبەر بەم حزبانە.

**K4N – مەسەلەی ریفراندۆم و کەرکووك ئەو تەوەرە هەر گرنگانەیە کە تورکیای نیگەران کردووە و لە رێگای چەند حزبێکی سەر بەو ولاتە هەوڵدەدات چ دواخستنی ریفراندۆم بێت چ شەڵەقاندنی رەوشی ئەمنی کەرکووك بێت، قورسایی خۆی بسەلمێنێت، لێرەدا ئەرکی حزبە کوردیەکان و حکومەتی ئێراقی چی دەبێت؟**

**وەڵام:** تورکیا هەموو هەوڵەکانی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی مەسەلەی کەرکوك بەرفراندۆم یەکلایی نەکرێتەوە و ئەو بکرێتە یەکێك لەلایەنە بریاردەرەکانی چارەنوسی کەرکوك و بۆئەمەش لەریگا حزبە تورکمانەکان و هەڕەشەی لەشکرکێشی و فشاربۆسەر ئەمریکا و یارمەتیدانی تیرۆریستانی سونەوە دەیەوێت ئەو خواستانەی لەسەر کەرکوك بکاتە ئەمری واقیع. حکومەتی عێراقی بریتیەیە لە چەند کوتلەیەکی میلیشیایی کە شیعە و سونە هەرکامیان لەسەر مەسەلەی کەرکوك پەیوەندیان لەگەڵ تورکیا باشە و بەتایبەت سونەکان هاوپەیمانی تورکیان لەم مەسەلەیەدا . هەربۆیە حکومەتی عێراقی ئەگەر دەوری هەبێ سلبیەیە نەك ئیجابی و پشت گوێ خستنی مەسەلەی کەرکوك و پیداویستیەکانی ئاوارەکانی کەرکوك هەڵویستی ئەم حکومەتەی مالکیە هەروەك جەعفەری.

خەلکی کوردستان و حزبەکانی کوردستان دەبیت لەئیستاوە لە ئاستی دەرەوە و ناوخۆدا بکەونە فشارهینان و ڕێگەگرتن لە تورکیا و ئەو هەرەشانەی بەجدی بگرن و کەمپینی دژی ئەم دەست دریژیانەی تورکیا لە ئەوروپادا توند بکەنەوە. ئەم هەڕەشانەی ئیستای تورکیا لەئیستاوە ئەوە بەخەڵکی کوردستان دەڵێت کە دەبێت پەلە بکەن لە بەرپاکردنی رفراندۆم و جیابونەوە لە عیراق زوو بکەنە ئەمری واقیع و چیتر دانەنیشین بەدیار خۆشباوەری بەوەی ئەمریکا کوردستان لە هەرەشەکانی تورکیادەپاریزی . ئەوەی کوردستان دەپاریزی لەم هەرەشانەی تورکیا تەنیا جیابونەوە لە عیراق و پکیهینانی دەولەتی سەربەخۆیە و هاوکات بەرپاکردنی رفراندۆمە لە کەرکوکدا بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی بەدوور لە دەستوەردانی تورکیا. خەلکی دانیشتووی کەرکوکیش لەئیستادا پیویستە بۆ بەرگرتن بە شەڕی قەومی و پیداگری لە مافی خۆیان بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی کەرکوك و راوەستانەوە دژ بەهەر دەستیوەردانیکی هێزە قەومی و دینیەکانی ناوخۆ و هێزە ئیقلیمیەکان و بەتایبەت تورکیا لە چارەنوسی ئەم شارەدا رابوەستن.